# شیعر و شۆڕش

## ئاوڕدانەوەیەک لە دوو دیوانە شیعری

## «بۆ ئازادی»
## و
## «چۆن بۆت بدوێم»







ناسر حەقپەرەست

هەمیشە کولتوور و ئەدەبیاتیش وەک سەرخانی کۆمەڵایەتی بەشێک بـوون لـە دیاریـکـەری رێـبـازی و ئایدۆلۆژیا و بە کورتە ئاورێک لە مێژووی گۆڕانکاریەکان و راپەرین و شـۆڕشـەکـان کاریگەیان لەسەر هانی هەستان و خرۆشانی جەماوەر دەردەکەوێت. ئەو جۆرە ئەدەبیات و کولتووەرە زیاتر لە مەبەست و هەستی ئاکێک، رێـرەوی ئامانجی گشتی دەگرێتەبەر و خۆی بە ئازار و ئاوانەکانی ئەوانەوە گرێدەدات.

لە مـاوەی رابـردوودا شاهیدی بەچاپ گەیشتنی دوو دیوانە شیعر لە شاعیرانی رۆژهەڵاتی کوردستان بـووم، کە ئەگەرچی ناوەڕۆکیان رەنگە بۆ زۆرێک ئاشنا بێت، بەڵام بـەهـۆی لـەبـەردەسـتـدا نەبوونی سەرچاوەکان، کەمتر ناوی نووسەرانی ئەو بەرهەمانەمان ناسراوە یان لەیاد ماوە.

یەکەم: «بۆ ئازادی» لە نووسینی «رێبوار»

دووهەم: «چۆن بۆت بدوێم» لە نووسینی «ئەحمەد بازگر»

«ئـەنـوەر حـسـێـن» کـۆی کردوونەتەوە و پێشەکی بۆ نووسیون و لە بەرگ و دیزاینێکی جوان دا بە چاپ گەیشتوون.

ئەم دوو کتێبە بۆ من گەلێک جێگای سەرنج و بەنرخن، بۆیە لەم کورتە باسە دا هەوڵ دەدەم چەند لایەنێکیان بخەمە بەرچاو.

جیا لەوەی ئەو دیوانە شیعریانە گەلێک دەقی ئەدەبی پر لە هەست و نـاوازەیـان لەخۆ گرتووە، بەلای منەوە بە جیاوازیەکیش کە پێکەوە هـەیـانـە، هـەردووکـیـان هەڵگری بەشێک لە رازورەمـزی گەلێک لە هـەورازو نشێوەکانی بزووتنەوەی شـۆڕشـگـێـرانـەی کـوردسـتـانـن، کە ئاوێتەی هەستی پر لە هەڵوێست و پاراوی ئەو شاعیرانە بوون و لە کاردانەوەیەک دا بەرامبەر بە رەوتی رووداوەکـــان هاتوونەتەکایەوە و بوونەتە بەشێکی دیار لە ئەدەبیاتی چەپ و پێشکەوتنخوازانە و تێکەڵ بە سروود و ئاواز و دروشمی سەرزاران بوون و بەهۆی ئاسۆی روونی بیریان تا ئێستاش هەر دووپاتدەبنەوە.

زۆرێـک لـەو شیعرانە دەربـڕی ناوەڕۆکی بزووتنەوەیەکی نوێخواز و بەرەنگارین، کە ناوی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستانە. هاواری پەنگخواردووی خەڵکی چەوساوە و ژنانی بێ ماف و منداڵانی بێ ناز و زایەڵەی ئەو هیواو هومێدانەن کە بە بیری نـوێ و سۆشیالیستی دەهۆنرانەوە.

ئـەو شـیـعـرانـە زۆربـەیـان سەردەمانێک بـڵاو بـوونـەوە، کە باشووری کوردستان لە ژێر گوشاری دیـکـتـاتـۆری و سـانـسـۆر دا بـوو. بڵاوبوونەوەی بەشێک لە شیعر و سرووەدەکانی ئەو دیوانە شیعریانە لەو کاتەدا بە دەنگی هونەرمەندانی ناو ریزەکانی کۆمەڵە، یان بڵاوکراوەکانی وەک گۆڤاری «پێشەنگ» کە بە هۆی حزووریان لە ناو خەڵکی ناوچە ئازاد کراو و شارەکانی کوردستان دەست خـوێـنـەران و هـۆگـران دەکـەوتـن، رەنگدانەوەی بەرچاویان هەبوو.

**«بۆ ئازادی»**

ئـەم دیـوانـە شـیـعـرە لە چاپ دانـەوەی شـەش دەفـتـەر لە شیعرەکانی (موسلیح شێخولئیسلامی) بە ناسناوی»رێبوار» لەخۆگرتووە. مـێـژووی نـووسـیـنـی شیعرەکانی دەفتەری یەکەم هەڵدەگەڕێتەوە بۆ بەر لە شۆڕشی ١٩٧٩ لە ئێران و لە زۆربەیان دا شاعیر فەزای کۆمەڵگە و ئەو رووداوانـە وێنادەکاتەوە کە کاریگەریان لەسەر رەوتـی ژیانی کۆمەڵایەتی داناوە.

کۆمەڵگەی کوردستان لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ سەدەی رابردوو دا لە بواری چەندایەتی و چلۆنایەتی کەوتبووە ژێر کاریگەری ئاڵوگۆڕەکانی ناوخۆی ئێران. زۆرینەی خەڵک لەلایەک لە ژیانی گوندیی دابرابوون و ئاوارەی شاران ببوون و لە لایەکی تریش بە هـۆی نەبوونی ژێرخانی وڵاتـەوە، بەتەواویی نەیاندەتوانی ئاوێتەی ژیانی شاریی و پیشەسازی بن. لە ئاکامدا زۆرینەی خەڵکی کوردستان لە ژێر پاشماوەکانی کولتووری دەرەبەگایەتی دا، کەوتنە بـەر چەوساندنەوەی سیستەمی سـەرمـایـەداری. خەڵک گواستنەوەیەکی کۆمەڵایەتی گەلێک بەژان و ئازاریان ئەزموون کرد.

کۆتایی ئەو دەورەیە هاوکات بوو لەگەڵ گەلێ گۆڕانکاری بەرچاو لە سەرخانی کۆمەڵگە، کە پەرەگرتنی رادیـۆ و تەلەویزیۆن و خوێندن و خوێندنەواری لە قوتابخانە و زانکۆکان و ئاشنا بـوون بـە بیری چـەپ و سۆشیالیستی و رێکخراوبوون و کاری رێکخراوەیی بەشێک لەوانە بوو.

رێبواری شاعیریش بەرهەمی ئەو سەردەمە هەستیار و چارەنووسسازەیە و لە دەلاقەی بیری خۆیەوە رووداوەکانی دەورووبەری هەڵدەسەنگێنێ و وێنایاندەکاتەوە. لە بەشێک لە یەکەم شیعری «گەشتی کوردستان»دا دەڵێ:

«وەرە با سەیرێ لە کوردستان کەین/ ئاوپرژێنێکی کوڵی دڵمان کەین/ با بڵێم باسی هەژاری خۆمان/ باسی ژێر دەستی و دیلی کوردان/ با بچین دێ بە دێ، ئەم شار ئەو شار/ دەمێ رابوێرە لەگەڵ خەڵکی هەژار»

لێرە دا رێبوار وێرای گەشانەوەی بە سروشتی کوردستان، لەگەڵ ئاوردانەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا خەم دایدەگرێت و هەستی هاوسۆزی خۆی دەردەبڕێ و وەک ئاوەڕوونکە بەشوێن رێبازێکی رووندا دەگەرێت. لەو سەردەمانە دا کۆمەڵگە گیرۆدەی ئاویاوێکی گەلێک گرانە. هەمووان لە رێگەی دەربازبوون لەو ئازارە کۆمەڵایەتیانە دەگەرێن، کە دیکتاتۆریی «شا» و سیستەمی سەرمایەداری بە سەبەبکارەکەی دەزانن. زۆربەیان ئەو رووناکبیر و خوێندکارانەن کە بە سەرەتایەک لە تیۆری سیاسیەوە دەبێ گشت شتێک لە رێگای ئەزموون و خەتاوە بەرنە پێش. ئەم شێوازەش زۆربەی کات کارەساتی ناخۆشی لێ دەکەوێتەوە، وەک «سیاهکەل» لە باکووری ئێران و مەرگی «کاک ئیسماعیل شەریفزادە» (سمکۆ) و هاورێیانی لە کوردستان لە کۆتاییەکانی دەیەی ٦٠. «رێبوار» لە شیعری «سنە»دا، گەلێک جوان وەسفی هەستی تاڵی جەماوەر بۆ مەرگی «سمکۆ» دەکات و هاوکاتیش بە یەقینەوە دڵخۆشە بە پۆلوی ژێر خۆڵەمێشی شۆڕش، تا ئەوەی لە کۆتایی دەفتەری یەکەم دا دەگاتە «خەونی سوور».

**شاعیر وەک کەسێکی خاوەن هەڵوێست و ئایدۆلۆژیک، شیعر و ئەدەبیاتیش بە ئامرازی پێشخستنی خەبات دەزانێ، بەڵام قەڵەمی بەبرشت و بیری تیژی هیندە جوان هەوێنی هەستی دەکەن**

«با بچم دەستە گوڵی لێ دانێم/ دڵی داماوی لەبەر پێ دانێم/ گوڵەبارانی گڵی (سمکۆ) کەم/ گڵەبارانی دڵی پرسۆ کەم.../ بە هەزاران و هەزار دەست و تفەنگ/ هەڵئەگیرسێننەوە مەشعەلی جەنگ»

ئەگەرچی شاعیر وەک کەسێکی خاوەن هەڵوێست و ئایدۆلۆژیک، شیعر و ئەدەبیاتیش بە ئامرازی پێشخستنی خەبات دەزانێ، بەڵام قەڵەمی بەبرشت و بیری تیژی هیندە جوان هەوێنی هەستی دەکەن، ئەتانەت لەو شیعرانەش دا کە بۆ مەرگی هاوسەنگەرانی نووسیون، وەک ئەستێرە بە تەوێڵی تاریکی ئەو نەهاتە ساڵانەوەی داون. لە شیعرەکانی مام رەحمان، کاک فوئاد، کاک شوان... درکی جوانیناسانەی لە خەبات و خۆراگری دەهۆنیەتەوە.

***

لە زستانی ١٩٧٩ شۆڕش هەڵدەگیرسێ و ئاوائەکانی لە لایەن رژیمێکی ترەوە دیزە بە دەرخۆنە دەکرێن و بە فریودان و فەوتاندن بەسەر وڵاتدا زاڵدەبێت. تەنیا ناوچەیەک کە خۆی بەدەستەوە نادات کوردستانە. کوردستان دەبێتە مەکۆی خۆراگریی و حیزبەکانیش خەریکی ئامادەکاری و بەرەنگار بوونەوە دەبن. یەک لەوان کە «رێبوار» کادیر و هەڵسووراوێتی و جەماوەری بۆ هان دەدات «کۆمەڵە» یە. ئەو خۆراگریەی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە لە کوردستان کولتووری خەبات و پێشمەرگایەتی پەرە پێدەدات. بە حەق (وەک مامۆستا قانیع) شیعر و سروودەکانی «رێبوار»یش لەو سەردەمە هەستیارەدا بۆ جێخستنی کولتووری خەبات و پێشکەوتنخوازیی پشکی شێریان بەر دەکەوێت. ( ئەگەر بە کورتیش بووە دەبێ بڵێم: شیعرەکانی»ملوانکەی شین»ی «شەریف»یش کە هی سەردەمی راپەرین بوون، زورێکیان لەو کاتەدا کرانە سروود و ئاواز و رەنگدانەوەی گەورەیان بوو.) زۆرێک لە شیعر و سروودەکانی ئەو سەردەمە لە دووهەمین دەفتەری شیعری «رێبورا» دا بەناوی «سڵاوێک لە عاشقانی ئازادی» لە ئاگۆستی ١٩٨٤ بڵاو دەبنەوە، کە شاعیر لە کورتەیەک لە پێشەکی دا دەنووسێ:

« سروودەکانی ئەم چەپکەیە لە کوردستان لەسەر زاران و لە نێو جەماوەر دا بەرین بڵاوبوونەتەوە و وەکو سروودەکانی کۆمەڵە ناسراون... ئەم شێعرانە هەروەک دەبینن لە نزیکەوە مۆری شۆڕش و ئاڵوگۆری ئەم شۆڕشەی پێوەیە و تێکۆشاوم شیعرەکانم رۆژ لە رۆژ

زیاتر لە روانگەی ئێمەی کۆمۆنیستەوە بڕوانێ»

یەکەمین شیعر «سروودی ئەنترناسیۆناڵ»ە کە مانیفێستی شاعیر و حیزبەکەیەتی:

«دەسەڵاتداران رزگارمان ناکەن/ نە شا، نە شێخ، نە ئاسمان/ با خۆمان بۆ رزگاری رابین/ ئەی خێڵی بەرهەمهێنەران»

زۆرێک لە شیعرەکانی ئەو دەفتەرە، بوونەتە وێردی سەرزاران و دەنگی هونەرمەندانی وەک (ناسر رەزازی، کاڵێ ئانەشی، جەماڵ موفتی، مەرزیە فەریقی، نەجمەدین غوڵامی و بەکر لەگزی) لە «کۆڕی بانگەوازی کۆمەڵە» دا ئەو سرودانەیان ئاوێنەی هەست و نەستی کۆمەڵگە کرد.

«سڵاوی گەرمی دڵی پڕ هومێدی مەت پێشکەش/ پڵنگی هەردی وڵات ئەی هەڤاڵی پێشمەرگە/ لە دەوری دەست و تفەنگت گەڕێم کە رۆژی خەبات/ لە ئاستی هەڵمەتی تیژت چ ئاگرێ بەرگە»

هاندانی ژنان بۆ ئاوێتەبوونیان بە خەبات و دەستەبەرکردنی مافەکانیان یەکێک لە دەغدەغەکانی شاعیر بووە و لە «سروود بۆ ژنانی تێکۆشەر» دا دەڵێ:

«شۆڕشە هەستن، راپەرینە/ ئەی ژنانی گشت وڵات/ شان بە شانی پیاوان هەستن!/ وەرنە ناوریزی خەبات»

دواهەمین شیعری «دەفتەری دووهەم» شیعرێکە بەناوی «ئەو شاعیرەی خۆی دۆڕاند» کە بۆ سەرزەنشتی شاعیرێکی نووسیوە، کە خۆی وتەنی وەک «ویکتۆر خارا»ی نەکردووە و تەسلیمی زۆری زۆردارانی کۆماری ئیسلامی بووە.

هەروەک وتم ئەم دیوانە شیعرە ئارادەیەک بووەتە ئاوێنەی باڵانوێنی هەوراز و نشێوەکانی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کوردستان، بۆیە لەچاپدانەوەی ئەم شیعرە بە هەڵە نازانم، بەڵام دوای چەند دەیە، ئێستا ئیتر «رێبوار» دەبوو روونکردنەوە و قەزاوەتێکی عادلانەتری لە بابەت لێکجیاکردنەوەی قوربانی و جەلاد هەبوایە.

**«دەنگ هەڵبڕە»**

ئەمە سێهەمین دەفتەرە شیعریی دیوانی «بۆ ئازادیە» کە نزیکەی نیوەی لاپەرەکانی ئەو کتێبەی بەخۆی تەرخانکردووە و خۆی بە سەر سێ بەشی جیادا دابەشکراوە. جاری یەکەم لە پاییزی ١٩٨٨ بەچاپ گەیشتووە»رێبوار» دەڵێ:

«... ئەمەش سێهەمین هاوار و بانگەوازمە بۆ کۆمەڵانی بەشمەینەت، کە دەنگمان هەڵبرین و دەرد و ژان و هیوا و ئاواتمان دەربرین. گەرچی ساڵ و زەمانێکی هێندە بێ رەزایە کە خۆم پێموایە یەک لە هەزاری دەرد و ژانەکانم دەرنەبریون...»

لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٤ بۆ ١٩٨٨ ئاڵوگۆڕێکی زۆر بەسەر شۆڕش و شۆڕشگێران دا هاتووە، کە رێبواریش یەک لەوانە. سەراپای کوردستان میلیتاریزە بووە و هێزی پێشمەرگە کشاونەتەوە بۆ ناو مقەرەکانیان لە باشووری کوردستان، کە ئەو کات لە ژێر دەسەڵاتی رژیمی بەعس دا بوو. ئەو ساڵانە درەنگێپەڕ و پرتوکێنەر بوو. لە لایەک خۆراگری لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەکردەوە سەرکوتکرابوو، لە لایەکی تریش شۆڕشگێران کە یاد مەرگی ئازیزترین هاوسەنگەرەکانیان لە دڵ دا بووە گرێ، لێرەش کارەساتەکانی وەک ئەنفال و هەڵەبجە و ... بەبەرچاوی ئەوانەوە بەرێوەدەچوو. کاریگەریەکانی ئەو بەسەرهاتە گەلێک کێشە و گرفتی ناو رێکخراوەکان و تاکەکەسی لێ کەوتەوە... لە شۆڕشەوقی ئاپۆرەی شەقام و شارەوە بۆ شەر و گرمەی شاخ، دواتریش ئیزۆلە بوون لە ئۆردوگاکاندا. ئەو ساڵە ئەستەمانە کەسی بەجەرگی دەویست، تا بەرگە بگرێت و بتوانێ لەسەرما و گەرمای خێوەتدا درک و داڵی دەوری لە بیربکات و بە رەوتی رووداوەکان دا بچێتەوە، تێفکرێ و کانی لێڵی بیری روونبکاتەوە... «رێبوار» لەو کەسانە بوو. لەم دەفتەرە دا کەمتر سەرنجی داوەتە ریتم و سەروا و لە فەزایەکی ئارامتر و واڵاتردا توانیویەتی چڕتر و وردتر بنووسێت.

«سواری ماندوو» کە سێهەمین شیعری ئەو دەفتەرەیە، زۆر باش توانیوێتی نسکۆ و ئاستەنگەکانی ئەو ساڵانە وێنا بکات و سەرگوزەشتی شۆڕش و شۆڕشگێران بدرکێنێ. سواری ماندوو، بەسەرهاتی پێشمەرگەیەکی هیوابڕاوە کە ئەسبی هیوای وێڵدەکات و روو لە دەرکای ماڵی خۆیان دەکاتەوە. دایک بە دیتنی سیمای سڕ و شانی بێ چەکی رۆڵەکەی لە مەسەلەکە دەگات و لە سەراپای ئەو شیعرەدا هانی هەستانەوەی دەدات و ئەسبی هیوای بۆ زین دەکاتەوە کە کورتەیەکی بەم جۆرەیە:

«سواری ماندوو/ دابەزیبوو/ لەغاوی خستە سەر مل ئەسپەکەی و/ هێی کردبوو.../ بەرەو ئاسۆ سواری بەزیوی بەجێهێشت.../ دایک:... بار ئەبێ بگاتە مەنزڵ/ چ کەس نیە غەیری خۆمان/ دەریایەک دەستی ئامەزرۆین/ زۆرین وەکو خیزی

چۆمان/ ... هەور کە ڕۆیی / ئاسمانی شین/ ئاسمانی زەنگ/ هەتاوی گەش هەتا هـەتـا../ سـوار هەسنابوو/ دەسنی لە یاڵی ئەسپەکەی تووند ئاڵا بوو/ لنگی لە ئاوزەنگی قایم شەتەک دابوو/ بە نێو کرێوە و تۆفانا/ لە چاوی گەشاوەی دایکی/ بەرەو ئاسۆی ڕوون/ ئاوابوو...»

ڕێبوار لەم دەفتەرەدا بە ئەنجامێکی یەکلاییکەرەوە گەیشتووە و زیاتر لە جاران ڕەوابوونی «سۆسیالیزمی زانستی» بـۆ دەرکـەوتـووە. ژیـان و خەباتی چینایەتی بـۆی دەبێتە ئەولەوییەت و هیواو ئاواتەکانی بە سەرکەوتنی بزووتنەوەی چینی کرێکارەوە گرێدەدات. هەڵبەت ئەو کاتانە چەند دەیـە بەسەر جێگیر بوونی سیستەمی سەرمایەداریی لـە ئـێـران تێپەر دەبـێـت و چینی کرێکار کەوتووەتە بەر بەرداشەکانی شەری ئێران و عێراق، هـەژاری و خەفەقانی سیستماتیک و کەمترین نارەزایەتی مەرگی بە کۆمەڵی ئەوانی لێ دەکەوێتەوە، وەک رەشەکوژیی هاوینی ١٩٨٨ لە زیندانەکان دا.

«هانایەکم پەنگاوەتە بین و گەروو/: هەی داد، هەی داد!/ لەم بازارە بێ ڕەحمە دا/ ژیان هەرزانترە / لە نان!»

ڕێـبـوار لـە بـەشـی دووهـەمـی ئـەم دەفـتـەرە شیعرە دا «ژانـی لـەدەسـتـچـوونـی یـــاران»ی بەسەر دەکاتەوە و لە یادی کچێکی ئێعدام کراو دا دەڵێ:

«قەلا لە جەرگمان دەکەندرێ / کە شێت نابین!/ گێرایەوە:/ دەستێک لیباسی کچانەی / سێ چوار کون تێ/ سوور بوون بە خوێن/ لەگەڵ جووتێک کەوشی وێرنی/ ناسکی پاژنە خوێناوی/ فرێ درا بەنێو حەوش و نێو / کۆشی دایــک../ لـەگـەڵ ئەسکەناسێکی ٥٠ تمەنی/ ئـەو پـارەیـەش مارەیی کچەکەتە»

یادی بەژانی هاوڕێیانی کۆڵی پێ ناداث و لە هزری ناخاث و مەنزڵگە ون ناکاث. گەلێک ئارمانجگەرایانە و وشیارانە رووگەی خۆی دەسەلمێنێث، کە بێگومان ئەوە بەشێکە لە ئەزموون و ئیلتیزامی شاعیرێکی شۆڕشگێڕ و جیهانبینییەکی جیهانداگر کە بەسەر کـولـتـوور و ئـەدەبـیـاتـی چـەپ و پێشکەوتنخوازانەدا زاڵە، هەر بۆیە بە شارەزاییەوە، بێ ئەوەی هەودای هەسث و بیری خوێنەر لە کیس بـداث، بەم جـۆرە دانبەجەرگداگر کۆتایی پێدێنێث:

«... بوغزم قووث دا و/ چاوم بریە بەرژەوەند و/ بەرەو ئاسۆ / ڕێم گرتە بەر»

بەشی سێهەمی دەفتەری سێهەم، هەروەها دەفتەرەکانی چوار، پێنج و شـەش ــیـش زیـاتر وەرگـێـرانـی بەرهەمی ئەو شاعیرە گەورانەیان لەخۆ گرتووە، کە کاریگەریان لەسەر ئەدەبیاتی جیهانی و ناوچەکە بووە وەک: ئردیسی چاپمەن، پوشکین، بێرتۆلث برێشث، جۆهەیل، مەحموود دەروێـش... زۆرێک لەم تەرجمانە لـەمـاوەی دوو دەیـەی رابـردوو دا بەشێکی بەرچاوو بوون لە ئەدەبیاتی کرێکاریی و پێشرەو، هاوکاث گەلێک پەخشان و کورتە شیعری دوای ساڵەکانی (٩٠) ئاوێتە کردوون، کە مۆرکی سەردەمانی خۆیان پێوەیە و لە ژێر ئارمایی و تەمی ئاراوگە و ئیفرائی سیاسی دا نیوەگیان چاویان پشکوتووە...

بە خوێندنەوەی دیوانەی شیعری «بۆ ئازادی» وەک پێشتر وتم دەکرێ هـەسـث بـە بەشێک لـە هـەوراز و نشێوەکانی نـەک هـەر شاعیر وەک تاکێک، بەڵکو ڕەوتـی ژیانی کۆمەڵایەتی و شۆڕشیش بەکەیث. بچینە نـاو قـووڵایـی ڕەوتـی ئەو ڕووداوانـەی کە لە نێوان ساڵەکانی (٦٠) تا کۆتایی دەیەی (٨٠) بڕگەیەکی چارەنووسساز و پر پاڵەپەستۆیان لە مێژووی کوردستان شکڵ پێ دا.

«ڕێبوار» سەرەتا وەک خوێندکار و دواتر وەک هەڵسوڕاوێکی سیاسی و لە کۆتاییدا وەک شاعیرێکی شۆڕشگێر و بەتوانا کاریگەری زۆری لەسەر ئەدەبیاتی بـەرەی چەپی کۆمەڵی کوردەواری داناوە. هەڵبەث من ناوی «بۆ ئازادی و یەکسانی» بۆ ئەم دیوانە شیعرە بە گونجاوتر دەزانم، چونکە شاعیر هێندەی بۆ ئازادی چرپکاندووە، چەند ئەوەندەش بانگەوازی یەکسانی مافەکانی ژن و پیاو و یەکسانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی کـــردووە... تا ئەوکاتەی ئێش و ئازارەکانی هەڵاواردن، بێ عەداڵەتی و چەوسانەوەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی لە گۆڕێدا بێث، ئەوا بەشێکی دیار لە شیعر و سرودەکانی «ڕێبوار»یش وەک زایەڵەی زوڵاڵی کۆمەڵگە هەروا بەسەر پێوە دەبن.

### «چۆن بۆث بدوێم»

لە بەشی یەکەم دا دیوانە شیعری «بۆ ئازادی» «ڕێبوار» بابەتی بەرباس بوو. لەم بەشە دا دەچمە سۆراخی دیوانە شیعری «چۆن بۆث بدوێم» کە کۆمەڵێک لە شیعرەکانی «ئەحمەد بازگر»ی لەخۆ گرتووە.

بەشێکی زۆر لەم شیعرانەش وەک شیعرەکانی «ڕێبوار» زیاتر لە سێ دەیەیە کە لە ڕێگای «هونەرمەندانی کـۆڕی بـانـگـەواز»ی «کـۆمـەڵـە» و بڵاوکراوەکانی ئەو ڕێکخراوەیە بڵاو

بوونەتەوە و بە هۆی هەستی ناسک و هەڵوێستی پێشڕەوانەیەوە ئێستاش بەسەر زارانـەوە ماونەتەوە، بەڵام شاعیر کەمتر دەرفەتی خۆناساندن و دەرکەوتنی بۆ ڕەخساوە.

ئـەم دیـوانـە شیعرەش وێـرای لەخۆگرتنی چەندین هـۆنـراوە و سرودی باڵابڵند و پێشکەوتنخوازانە، هاوکات وێناگەری گەلێک لە هەوراز و نشێوەکانی شـۆڕشـن لـە نێوان سەرەتای دەیەی ٨٠ تا ٩٠ زایینی.

پـێـمـوایـە بـە هـۆی گەلێک هاوشێوەیی لە ڕووداوەکـانـی دوای شۆڕش بۆ هەردووی ئەو شاعیرانە، پێویسـت بـە دووبـارەکـردنـەوەی بەشێکی زۆر لە باسەکەی پێشوو ناکات و وەک زەمینەیەک بۆ بەشی دووهەم لێی دەروانم.

«ئەحمەد بازگر» لە دایکبووی ١٩٦٢ و لە سەردەمی لاوێتی دا لە گەڵ شۆڕشی ١٩٧٩ ئێران بەرەوڕوو دەبێتەوە و لەبەرەی چەپی کۆمەڵگە دا بە خەباتەوە پەیوەست دەبێت.

لە ریزی هەڤاڵانی پڕشۆڕوشەوق و بێ ئۆقرەیدا لە ژێر کاریگەری ڕووناکبیران و دۆخـی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە دا شوێنی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی و خێرا دەگرن.

لە شیعری «من و ئەو» دا شاعیر گەلێ ورد و جوان بیرەوەریەکانی سەردەمی منداڵی بەسەر دەکاتەوە. وێنای ئەو دۆخە دەکات کە دواتر دەبێتە دیاریکەری ڕێبازی گۆڕانخوازیی ئەو. منداڵەکان تەنانەت لەناو پۆل_یش دا لە توانجی نیگا (ئەمجارەیان لەلایەن مامۆستای قوتابخانە! کە میراتی کولتووری دەرەبەگایەتی بوو) بەدوور نین. دواتریش هەژاری و نەبوونی پەلکێشی مەیدانی کاریان دەکات، ئەوە بەسەرهاتی زۆرینەی

**لە شیعری «من و ئەو» دا شاعیر گەلێ ورد و جوان بیرەوەریەکانی سەردەمی منداڵی بەسەر دەکاتەوە. وێنای ئەو دۆخە دەکات کە دواتر دەبێتە دیاریکەری ڕێبازی گۆڕانخوازیی ئەو**

هاونەمەنەکانیەتی:

« موعەلیم هات، / بەرپا_یەک و بشیند_ێک/ ئیشکی گەرمی خۆری بەهار/ لە پەنجەرەی کلاسەوە/ وەک توانج/ و بنەمەرکی ئاغا مودیر/ بە ناخمانا دەرۆیشتە خوار/ ... لەگەڵ پۆلێک ڕووت و ڕەجاڵی هـەژار/ ئاپۆرەیەک کرێکار/ چاوەڕوانی کار وێستاوین!»

کۆمەڵگەی سەردەمی پێگەیشتنی «بازگر» بە گەلێک ژان و ئازاری ڕەگـەزیـی، نەتەوەیی و چینایەتی دووگیان بوو. تێگەیشتنی درووست و وێـنـاکـردنـەوەی بـە هەڵوێستی گشت ئەو ڕووداوە چارەنووسساز و یەکدابەدووانە ئەستەم بوو... لە سەردەمێک دا نییە کە خـەون و خەیاڵی خۆی پێ بهۆنێتەوە، دەبوو ڕاشکاو بی و هەل لەدەست نەدەی. «بازگر» خۆی لە بەرەی جەماوەری وەگیانهاتوو دا دەبینێتەوە و بۆ ئەوان دەچڕێت:

«هەستمکرد دەبێ من شاعیری کرێکار و زەحمەتکێشان بم و دواتر زیاتر هێزی جەماوەرم ناسی. واتا ئـەو شـۆڕشـە سـەرەتـای قۆناغێک بوو. لە جەرەیانی هەڵگیرساندنی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان، بۆیە پەیوەست بووم کە ڕەنگدانەوەی هـەسـت و ئـاواتـی ڕەنـجـدەرانـی کوردستان بوو.

من شیعری خۆم بەتەنیا بە موڵکی خۆم نازانم! بەڵکو موڵکی ڕەنج و تێکۆشانی هەمووانە. ئەوانەی دەنگ و ڕەنـگـی خـەڵـکی زەحمەتکێشی کوردستانن.»:

«وەرن لێرە/ لە کوردستان/ لە مەڵبەندێ کەوا رقمان/ بۆنە وشە/ لـەبـەر چـاوی زۆر ئەبڵەق بـووی / کڕیارانی خوێن و ژینمان/ پڕ بە جیهان دەنگ هەڵدەبرین/ گوێم لێ بگرن!»

بـەڵام سـەرەرای خـەبـات و خەباتکاریی، شیعرەکانی هێندە پڕ و پـاراون، کە رستە بە رستەیان لـە دەراوێـکـی روونـی کانی وشە هەڵبەستراون و بۆ دەربڕینی هەستی بزۆزی قەت بۆ وشە دانامێنێ و ئەو وشانەش کە لە زمانی تر وەریگرتوون، هێندە بەجێ چنیونی کە هەست بە گرێ ناکەیت. لە شیعرەکانی «بازگر» دا جوانی ناسی دەستێکی باڵای هەیە.

شیعری «گۆمەشین» یەکەمین شیعری دیوانی «چۆن بۆت بدوێم»ە. باسی بەسەرهاتی تاڵی لەدەستچوونی یـارانـی شـۆڕشـە لـە ڕووداوێـکـی سرووشتی دا، بەڵام شاعیر گەلێک ئارمانجگەرایانە بەسەر پەژارەی خۆی دا سوار دەبێت و لە هەڵبەستێکی مرۆڤتەوەر دا بۆ دوارۆژی سەرکەوتن مۆژدەی دەستەمۆکردنی یاخیگەریی


گۆڤارێکی فکری، فەلسەفییە، دوو مانگ جارێک دەردەچێت
ساڵی نۆیەم .... ژمارە (٤١) تشرینی دووەمی ٢٠١٣

سرووشت دەداث و روو لە گۆمەشین دەڵێث:

«شەرتە وەها بنبەسنمەوە/ بە هەوراز، بە نشێوا، / وێنەی ئەسپێکی دەسنەمۆ/ بە دەشث و دەرا خۆش ئاژۆ/ وا بنبەم و بنگێرمەوە/ لەبن هەموو دارێک، هەموو بنچکێکدا/ چـۆک دابـــدەی، سـوجـدە ببەی/ بـۆ دار، بـۆ گـوڵ، بـۆ گـەنـم، بۆ ئاوەدانی!»

ئاوێنە بوون و ئاشنایەتی بە رنج و ماندوویەتی چینەکەی لە وەسف و وێناکردنەوەی ئەو ژینە نایەکسانە دا هێندە روون و رەوانی دەکاتەوە، تەنانەث وردتـریـن سەرنجیش لە کیس ناداث:

«هەموو رۆژێ ئێوارانیش/ لەبەر دەرگـا/ چاو لە رێگا/ تا لەوپەری گەرەکەوە باوکم شەکەث/ هێدی، هێدی/ بـەرەو مـاڵ دەگـەرایـەوە!/ دیـاری هەموو ئێوارەیەک/ پەنیری ڕەنـدە نەکراو و / نوردوێک نانی گەرمە تەندوور!»

«بـازگـر» نـەک هـەر وێناگەری دۆخی گرانی هاوچارەنووسانیەتی، بەڵکو لە دوای دەسنەبەر کردنی دونیای ئارەزوو و مەبەسنیشیانە:

«تا کەی بە هێزی شانی من/ دنیا لە رەنجم وەگەشێ/ ببمە گەنجی دوژمنانم/ بۆ خۆم وێڵ بم لە دوی بەشێ/ بژی یادی یەکی ئایار/ بەرزە ئاڵا و چەکی ئایار»

بەپێی بیروباوەری سۆشیالیسنی، رزگـاری ژنـان لە کـۆث و بەندی دواکەوتوویی و چەوساندنەوە بۆ «بازگر» دەبێتە ئەرکێکی خەباتکارانە. لە چەند شیعری (زولفا) کە ئاوڕ لە ژیانی تاڵی ژنـان لە کۆمەڵی کـــوردەواری دەداتـــەوە، هاوکاث لەگەڵ دەربرینی هەسنی پر کەسەری

**بەپێی بیروباوەری سۆشیالیستی، رزگاری ژنان لە کۆت و بەندی دواکەوتوویی و چەوساندنەوە بۆ «بازگر» دەبێتە ئەرکێکی خەباتکارانە**

خۆی، ریشەی ئەو تراژیدیانە دەداتە بەر تیشکی سەرنج. لە بەشێک لە شعری «زولفا» دا دەڵێ:

«دەردی ژن بوون/ هەموو رۆژێ / لە ماڵەوە/ لە نێو دێ دا/ وەک بار دەنیشتە سەر لێوم/ دەبوو بە تەم لە چاوم دا و / زەردی دەکرد گۆنای سێوم/ هەر جارەی دەستە خوشکێکم/ بە نابەدڵی بە شوو درابێ/ لە رۆژی بە بووک چوونیدا/ لەو دیوی تارای سوورەوە/ ئاونگی ئەسرینم دیوە»

لە بەشی کۆتایی ئـەم دیوانە شیعرەدا چەندین شیعری خاوەن کێش و سەروا بەرچاودەکەوێث کە پێم وایـە لە دوو شیعری «مەیلی بێستان» و «نـەورۆزانـە»دا توانایی خـۆی لـەم بـوارەش دا بـە لوتکە گەیاندووە. لە هـەر دووکـی ئەو شیعرانەدا بە کەڵک وەرگرتن لە سروشتگەرایی و ژیندۆسی خۆی گەلێک وێنەی ناوازەی خولْقاندووە و توانیوێتی پر بە باڵای ئەندێشەی گیانیان بەبەردا بکاث:

« نامەوێ وەک دیل بژیم من مەیلی بێستانم دەوێ/ پەیکەرەی وشکی ژیانم بانگ دەکا گیانم دەوێ/ ئیمشەو ئێحساسی بـزۆزم ئۆقرە ناگرێث و دەڵـێ/ هەستی نەرمی، سۆزی گەرمی، شیعری راسانم دەوێ/ ...دووکەڵی هانای هەناسەی بێبەشان هانم دەدا/ بێم بـەرەو لوتکەی مەبەسنم، رانەوەستانم دەوێ»

یان لە شیعری «نەورۆزانە» دا کە خەم و ئاواتەکان وەک ئاڵەکۆکی پاڵ رندوو ئاوێنە دەکاث و موژدەی ژینی بێ ژان لە سبەی رۆژی بەهار دەدا:

«گوڵی گەزیزەی قژ زەردی لاپاڵ/ نـەرم رادەژێ بە سـروەی شەماڵ/ لە دەس ئەم ژینە دەردە دڵیەتی/ فرمێسکی ئاونگ لەسەر چلێنی/ ...ئاگری شۆڕش ئەوەندە پر گر بێ/ تا زستانی ژین یەکجاری قر بێ»

«بازگر» لە کورتەیەک لە پێشەکی ئەم دیوانە شیعرەدا بەسەر هێندێک هەسنی تـونـدئـاژۆی لە سەرەتای شۆڕش دا دەچێنەوە، ئەودەمانەی کە تاوتینی لاوێکی شۆڕشگێری ئەزموون دەکـرد. بەشێکیش لە شێعرەکان کە لە زەمان و مەکانێکی تەواوەن جیاوازدا نووسراون، وا باشتر بوو لە بەرگێکی تردا چاپ بکرایەن، چونکە دوو دەنگ و رەنگی جیاوازن.

وێـرای گشث ئەوانە زۆربـەی هۆنراوەکانی دیوانە شیعری «چۆن بۆث بدوێم» لە چەشنی «بۆ ئازادی» هاوارێکی گەلێک رەسا و پێشرەوی ئینسانی و ئەدەبین و لە قاڵبی ژانـەری ئەدەبیدا سەلایەکی روون و رەوانـن بۆ ئـازادی و یەکسانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی.